فردریک ئەنگلز لە گۆڤاری ئیکۆنۆمیست دا چۆن باس دەکرێت! ... ئامادەکردنی: سالار حەمەسەعید

هەمیشە کارل مارکس بە یەکێک لە گرنگترین بیرمەندەکانی سەدەی نۆزدە ناودەبرێ بەڵام ئەو ‘فردریک ئەنگلز’ ی هاوکار وهاونووس و هاوڕێی بووە کە کارەکانی مارکس ی نووسیەو بە چاپکردن وبڵاوکردنەوەی پاش مەرگی مارکس و کردیە بەردەم زۆرترین لێکدانەوەی ڕادیکاڵ. فردریکی هاوڕێ و خەباتکار، ئەوکەسە بوو کە وای کرد ‘داس کاپیتال- سەرمایە’ بنووسرێ.
مارکس هەرگیز فەرامۆش نەکراوە و لەبەرچاوان گووم نەبوو، لەکاتێکدا فردریک ئەنگلز کە دەست و هاوڕاز و هاوڕێی زۆرنزیکی مارکس بوو وە کاری لەگەڵ دەکرد لە زۆرینەی زۆری تەمەنی مارکس دا هاوکارێکی بەوەنەی کرد لە ‘ داس کاپیتاڵ’ دا تا ئەندازەیکی زۆر فەرامۆش کرا و لەیادکرا. مێژوونوسێکی بەریتانی بەناوی (تریس ترام هەنت) لە بایگرافیەکی نوێ دا ستایش وئیعتبارێکی زۆر دەدات بە فردریک ئەنگلز.

ئەو دوو پیاوە لە ساڵی ١٨٤٤ بووڕە هاوڕێ لە پاریس، کاتێ کە هەردووکیان لە ناوڕاستی بیستەکانی تەمەنیاندا بوون وە زۆر بە نزیکی مانەوە تاکو مەرگی مارکس لە ساڵی ١٨٨٣ دا. مارکس و ئەنگلز دوو پێشینەی (باکگراوندی) جیاوازیان هەیە، باوکی مارکس پارێزەرێکی جولەکە بوو کە دواتر بوو بە مەسیحی، بەڵام باوکی ئەنگلز پڕۆتستانتێکی دەوڵەمەندی خاوەن کارگەیەکی لەکە بوو. مارکس یاسای خوێند بوو ئینجا فەلسەفە و ئەنگلزیش لە تەمەنی ١٧ ساڵیەوە نەردرا بە کارکردن لە بزنس و کاری باوکی دا لەبەرئەوەی کوڕێکی سەرکەش بوو. لەساڵی ١٨٤١ دا ئەنگلز کاتێ کە خزمەتی سەربازی دەکرد لە بەرلین کەوتە بەر شەپۆلی ئیدیو بیروباوەڕ پە جۆش وخرۆشە بەاوکانی ئەوکاتەی پایتەختی پروسیا.

دواتر چوو بە مانچستەر بە کارکردن لە بەشێکی بزنسی عائیلەکەیدا کەبەناوی ‘ ئەرمن و ئەنگلز’ بوو لە مانچستەر. ئەوکارگەیە کە بەهەشتی خاوەن کارگەکە ودەزگەخی کرێکاران بوو، گەورەترین وانەی فێری ئەنگلز کرد، ئەو وانەیەی کە:
فاکتەرە ئابووریەکان هەکاری سەرکی پێکدادانی چینە جیاوازەکانی

کەمەگان. لە ساڵی ١٨٤٥ دا کە تەمەنی تەنها ٢٤ ساڵ بوو، نە تەنها فڕبوو کە چۆن ببێتە سەرمایەدارێکی سەرکەوتوو بەڵکو بەرهەمێکی پرشنگداری دژە کاپیتالیستیشی نووسی، ' بارو ڕەوشی چینی کرێکار لە ئینگلتەرە '، کە تیادا بەدرێژی و وردەکارییەوە باس لە نامرۆیی هەکارەکانی بەرهەمهێنانی مەدەرن دەکات. ئینگلز مانچستەری بەجێهێشت تا کاربکات لەسەر ' مانیفێستی کۆمۆنیست ' لەگەڵ مارکس دا. هەردووکیان کۆتایی ساڵەکانی ٤٠ی سەدەی ١٩ یان لەهاتووچۆ و پەیوەندی و بەدواداچوونی شۆشەکانی ئەوروپادا بردەسەر و لەکۆتاییدا لە ئینگلتەرە گیرسانەوە. مارکس دەستی کردبوو بەکارکردن لە سەر ' کاپیتاڵ ' بەڵام کێشەیەک هەبوو، لەوکاتەدا ئەو ژنەکی لە خزانەکی ئەرستەکراتی هەنابوو کە بەهیوای ژیانەکی بەرژوایی ڕاحەت و ئاسوودە بوو لەگەڵ دەستێک منالی بچووکیشی هەبوو، بەڵام بەبێ بوونی هیچ ڕەوشوێنەکی گوزەران و بژێوی. ئینگلز کە بە مانای ' فریشتە ' دێت بە زمانی ئەڵمانی، ڕەگەچارێکی دەسزانەی خستەڕوو: کە ئەویش ئەمبوو ئەو بگەڕێتەوە بە مانچستەر بە دەستپێکردنەوەی بەکاری کارگەکەی خزانەکەی کەڵەی بەزاربوو و حەزی لێنەدەکرد وە پارەی پەویست بە مارکس دابین بکات تاکو ئەو باس و نووسینانە بنووسێ کە جیهان دەگۆڕێ.

تا ٢٠ ساڵی دواتریش ئینگلز بە ناچاری و بەزاری لە دوور کاریکرد، نیوەی دەرامەتە سەخاوەتمەندەکەی دەدایە مارکس. ئینگلز زۆر بە چۆپەی هاوکاری مارکس ی دەکرد لە ئیدەو بیروبۆچوونەکانیدا هەم لە ئەزموونی پراکتیکی بزنسکەیەوە تاکو کاری نووسینەوەو ئامادەکاری نووسینەکانی. کاتێ بەشی یەکەمی ' داس کاپیتاڵ ' تەواو بوو، ئینگلز خۆی لە ئیشوکاری بزنسکێ (کارگەکێ) دوورخستەوەو هات بە لەندەن بە لای مارکس و خزانەکەی. ئینگلز کەسێکی ئازا و پڕ ئاز بوو. خاوەن بەهرە بوو، پڕ ووزە و ئینەرژی بوو، تامەزرۆ وشیفتەی ئیدەو بیروڕای سیاسی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوو کە ڕۆڵی کەسی دووەم ببینێ پاش مارکس.

ئینگلز لە مەرگی مارکس ی هاوڕێی دا ڕایگەیاند: ' مارکس بلیمەت بوو، ئەمەو ئەوانی تر لە باشترین خاوەن بەهرەکان بووین'. ئینگلز باڵابەرز و خۆش ڕوخساربوو. ئینگلز تەنها بە سەلیقە نەبوو لە بیروباوەڕو بۆچوونی سیاسی دا بەڵکو لە خواردن وخواردنەوەشدا بەسەلیقە بوو. ئەو بەشێوەیەکی ناوبناو لەگەڵ کچێکی کرێکاری نیمچە خوێندەوار دژیا بەناوی ' مەری بەرنس'. ئینگلز منالی نەبوو.

قوربانیەکانی ئینگلز بەردەوام بوو پاش مردنی مارکسیش، ئەو تەنها بەردەوام نەبوو لە پشتیوانیکردن و بڵاوکردنی خیزانی مارکس و چارەکردنی کێشە هەواسراوەکانیان، بەڵکو ساڵەهای ساڵی بەسەربرد بە پەولەکاندن و پێک بەستنەوەی تێبینی و نووسراوە پەرتەوازەکانی کە مارکس لەپاشی بەجێ مابوو تا بەشی ٢ و بەشی ٣ ی ' داس کاپیتال ' پێک بهێنێ. ئینگلز زۆرێک لە کارە بچووک و کەم بایەخەکانی مارکسی پێکەوە لکاندن کە بە گونجاوی دەزانی، هەندێ کات ئەنجامی ئەم کارانەی شەشگەلانەتر دەخرایە ڕوو لەوەی کە نووسەر ویستبووی. لە بەشی ٣ ی ' داس کاپیتال ' دا، لەوێدا کە مارکس باس لە ڕەوت و مەیلی دابەزینی قازانجی کەمپانیاکان دەکات، تێبینی کرد کە ئەمە دەگونجێ بەڕەو " لەرزاندنی " بەرهەمهێنانی سەرمایەداری مل بنێت. ئینگلز ووشەی (لەرزاندن) ی لەجیاتی ووشەی (داڕمان) بەکارهێنا وە ئەوەی گەیاند کە مارکس بەکاریهێنابوو، تێکستێکی کردەوە بەڕووی لێکدانەوەی زۆر ڕادیکاڵتر وە لەلایەن مارکسیستەکانی سەدەی ٢٠ دا.

کاتێ کە ئینگلز مرد لەساڵی ١٨٩٥ دا، خەڵکی لە گەڕەستانی ' هایگەیت ' ی لەندەن دوورخستەوە لە ئارامگەکەی مارکسی هاوڕێی. تاکەتایی بەدوای ناو و نیشانێ نەبوو، هەتا بەیاری دابوو کە بسوتێنرێ هەربەیەک تەز و خەڵەمشەکەی بە کەناری دەریادا بلاوکرایەوە لەئینگلتەرە لە ناوچەی ' ئیست بۆرن ' شوێنی دیمەنی سەیرانە خۆشەکانی لەگەڵ مارکس و خێزانەکەیدا.

ئەم بابەتە لەبڵاوکراوەی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی لەندەن یەدا بڵاوکراوتەوەو لەپەیجی گۆڤارەکەدا بەهەمانشێوەیە.